Slemani Provincial Council

No: ژماره: ١

Data: رۆژ: ٢٠١٦/٢/٢

www.keodd.org

# بڕیاری ژماره (١) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، له کۆبوونەوەی بیست و پێنجەمی خۆیدا له هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، له ڕۆژی ٢٠١٦/٢/٢، به سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و به ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، له کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٦) ئەندام، بەپشتبەستن به بڕگەی (سیانزدەیەم) له مادەی (شەشەم)ی له یاسای ژماره (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩و، لەسەر پێشنیازی (سێیەکی) ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان به نووسراوی ژماره (١٤٩٩/١/١) له (٢٠١٥/٦/٢٨)دا، بڕیاریدابه:

١. ڕەزامەندبوون لەسەر پێشنیازی گۆڕینی ناوی ناحیەی (پێباز)له قەزای کەلار، ئیدارەی گەرمیان، بۆ (باوەنور).

٢. ئەم پێشنیازه له ڕۆژی دەرچوونیەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەمەبەستی تەواوکردنی ڕێکاره یاساییەکان بەپێی خاڵی (٣) لەمادەی (بیست و شەشەم)ی یاسای ژماره (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

- له سلێمانی نووسرا، له ڕۆژی (٢) مانگی (٢) ساڵی (٢٠١٦)دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

No: ژمارە: ٢

Data: رۆژ: ٢٠١٦/٢/٢

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و پێنجەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٢/٢، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەکۆی دەنگی ئامادەبووان، بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)دا، بڕیاریدابە:

١. کردنەوەی هۆبەی زانیاریپێدان لە هەموو یەکە کارگێڕییەکان و دامودەزگا گشتیی و تایبەتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا، (بەپارێزگای هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیانیشەوە).

٢. ئەم بڕیارە لە دوای (١٥) ڕۆژ، لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لەلایەن سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانەوە لەسەر بنەمای مادەو بڕگەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٢) مانگی (٢) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٣

Data: رۆژ: ٢٠١٦/٤/١٢

www.keodd.org
KEODD

## بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/١٢، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بە دەنگی (٢٩) ئەندام، بڕیاریدا بە:

یەکەم: ڕاسپاردنی (دکتۆر فێردیناند هینەر بچلەر)، وەک ڕێگەپێدراوو نوێنەری ئەنجومەنەکەمان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هەموو دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەوروپادا، وەک لە نووسراوی ڕێگەپێدانی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا هاتووە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی و کۆمەکی شیاو بۆ ئەم سێ پرۆژەیە:

١. دامەزراندنی پەیمانگایەکی فێرکاریی پیشەیی تایبەت بە پیشەوەران.
٢. دامەزراندنی کارگەیەکی تایبەت بەدەربازبوون لە خۆڵوخاشاک بەشێوەیەکی سەردەمیانە.
٣. بنیاتنان و ڕاکێشانی تۆڕی بۆری غاز بۆ هەموو شاری سلێمانی و دامەزراندنی سیستمی گەرمکردنەوە بەغاز.

دووەم: ئەرکی (هینەر بچلەر) ڕێکخستن و دروستکردنی هەماهەنگیی و ئاسانکاریکردن دەبێت بۆ گفتوگۆکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەوروپا، دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١٢) مانگی (٤) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ٤ No:

ڕۆژ: ٢٠١٦/٤/١٢ Data:

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/١٢، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٣) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بە کۆی دەنگی ئامادەبوان، پشتبەست بە مادەی (پێنجەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاریدابە:

١. ڕەتکردنەوەی زیادکردنی سزادارایییەکان و باج و ڕسومات و دانانی بابەتی نوێ بۆ لیستی سزاکان، لە سێکتەرە جیاجیاکاندا، چونکە بەم شێوەیەی ئێستا پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستانەو لەگەڵ باری دارایی و بەرژەوەندیی گشتیدا ناگونجێن.

٢. داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت لەسەر بنەمای داهاتی تاک، پێوەرو بنەمای نوێ لەم ڕووەوە پشت بەست بەیاسا دابڕێژنەوە.

٣. پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و سەرچاوە داراییەکانی تر، بەپێی برگەی (شەشەم) لە مادەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩و، پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران بکرێت.

٤. داوا لە فەرمانگەی داواکاریی گشتیی لە سلێمانی بکرێت، تا لە ڕووی یاسایی و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و بژێوی خەڵکەوە کار لەسەر بڕیارو ڕێنماییەکانی زیادکردنی سزادارایییەکان و باج و ڕسومات بکرێت و ڕێکاری یاسای بگیرێتەبەر.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١٢) مانگی (٤) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

No: ژمارە: ٥

Data: رۆژ: ٢٠١٦/٤/١٢

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/١٢، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بە کۆی دەنگی ئامادەبووان و، بەپشتبەستن بە بڕگەی (پێنجەم) لەمادەی (٦)ی پەیڕەوەی ناوخۆی ئەنجومەن و لەسەر داوای دەستەی سەرۆکایەتیی و زیاتر لە نیوەی کۆی ئەندامانی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٦/٤/٥ تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتیی و سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بڕیاریدابە:

(هەموارکردنەوەی پەیڕەوەی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی).

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١٢) مانگی (٤) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: 6 ژمارە:

Data: 2016/4/12 ڕۆژ:

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (6) ی ساڵی 2016

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی 2016/4/12، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (30) ئەندام، لە کۆی (32) ئەندام، بە کۆی دەنگی ئامادەبووان، پاڵپشت بە مادەی (پێنجەم) لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009، بڕیاریدا بە:

١. جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بنەماو بەڵێنەی حکومەت بە موچەخۆرانی داوە، بەدابەشکردنی موچە مانگانە لەکاتی خۆیدا.

٢. موچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمئەندامانی سەنگەر، لەهیچ بارودۆخێکدا دوانەخرێت.

٣. ژمارە حسابی بانکیی بۆ هەموو موچەخۆرێک بکرێتەوەو بڕی موچەی پاشەکەوتکراوی خۆی بخرێتە سەر حسابەکەی و بەڕوونیی بڕەکەی بزانێت.

٤. موچەخۆران بتوانن پابەندییە داراییەکانیان بەرامبەر بە حکومەت و کۆمپانیاو بانکەکان لەم بڕە پاشەکەوتکراوەی خۆیان لەڕێی ژمارە حسابەکانیانەوە خەرجبکەن.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (12) مانگی (4) ساڵی (2016)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – ئاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٧

Data: ڕۆژ: ٢٠١٦/٥/٣١

www.keodd.org

KEODD

## بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بە دەنگی (٢٨) ئەندام، لەسەر پێشنیازی کۆنووسی پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرێتیی کاروباری یاسایی بە نوسراوی ژمارە (٢١١٧) لە ٢٠١٦/٢/١٧و، سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی بە هەردوو نوسراوی ژمارە (١٢٧٢٦) لە ٢٠١٤/٦/٢٢و ژمارە (١٦٦٧٩) لە ٢٠١٥/١١/١٦و، بەڕێوەبەرێتیی ناحیەی بەکرەجۆو لیستی تایبەت بەناوی کەسەکان بە نوسراوی ژمارە (١٧٦٨) لە ٢٠١٤/٦/٥، بڕیاریدا بە:

١. تەرخانکردنی (٢٠٠) پارچە زەوی بۆ دانیشتوانی گوندی قولەڕەسی سەرو کە لە لیستی هاوپێچدا دیاریکراوە، وەک قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسا.

٢. ئەم بڕیارە لەلایەن پارێزگای سلێمانی و سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانییەوە دوای (١٥) ڕۆژ لە دەرچوونی جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٣١) مانگی (٥) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٨
No:

ڕۆژ: ٢٠١٦/٥/٣١
Data:

www.keodd.org
KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بە دەنگی (٣٠) ئەندام، بڕیاریدا بە:

**یەکەم:** گۆڕینی ڕاسپاردەی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تایبەت بە کەمکردنەوەی زیادەڕەوەیی و بەفیرۆچوونی کارەبای نیشتمانی بۆ (بڕیار) بە هەمان ناوەڕۆکی خۆیەوە، (بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی دزینی کارەباو کەمکردنەوەی زیادەڕەویی و بەرگرتن لە بەهەدەردانی کارەبای نیشتمانی و، زیادکردنی داهات و پاراستنی هێڵەکانی گواستنەوەو باشکردن و بەفیرۆنەچوونی کارەبا، بەپشتبەستن بە خاڵی (٤)ی بڕیاری ژمارە (٣٩٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و، نووسراوی ژمارە (١٤٤٠٠)ی ڕۆژی (٢٠١٣/١٠/٩)ی وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستانی تایبەت بەپێدانی هاوبەشیی کارەبا و، ڕێنمایی ژمارە (٦٤)ی ڕۆژی (٢٠١٣/١/٣)ی وەزارەتی کارەبا، لەبەرئەوەی ئەم بڕیارە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکیش جێبەجێدەکرێت).

پشتبەست بە بڕگەی (هەشتەم) لە مادەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩:

١. پێوەری کارەبا بۆ هەر شوێنێک دابنرێت کە کارەبای نیشتمانیی هەیە و پێوەری نییەو، وەک هاوبەشی نوێ تۆماربکرێت.
٢. بەپێی یاسا سزای هەر کەس و شوێنێک بدرێت کە لەدەرەوەی ئەم بڕیارو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەو بێ پێوەری کارەبا، کارەبا بەکاردێنێت.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لەلایەن پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیانەوە، دوای (١٥) ڕۆژ لە دەرچوونی جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٣١) مانگی (٥) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیشان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

No: ژمارە: ٩

Data: ڕۆژ: ٢٠١٦/٥/٣١

www.keodd.org
KEODD

## بڕیاری ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٧) ئەندام، بەپشتبەستن بە بڕگەی (سیانزدەیەم) لە مادەی (شەشەم)ی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩و، لەسەر پێشنیازی زیاتر لە (سێیەکی) ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نووسراوی قائیمقامیەتی قەزای شارەزوور ژمارە (١٦٠) لە ٢٠١٦/٢/٢٩و، پێشنیازی بەڕێوەبەرێتیی ناحیەی وارماوا بە نوسراوی ژمارە (٧٧٧) لە ٢٠١٥/٩/٩و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن لە ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٣و داواکاریی خەڵکی ناوچەکە، بڕیاریدایە:

٣. ڕەزامەندبوون لەسەر پێشنیازی گۆڕینی ناوی ناحیەی (وارماوا)لە قەزای شارەزوور، بۆ (زەڕایەن).

٤. ئەم پێشنیازە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەمەبەستی تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان بەپێی خاڵی (٣) لەمادەی (بیست و شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٣١) مانگی (٥) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٠
No:

ڕۆژ: ٢٠١٦/٨/٢٥
Data:

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و نۆیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٣) ئەندام، بڕیاریدایە:

**یەکەم:** پەسەندکردنی بەخشینی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی (د. ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین)، لە پۆستی (پارێزگاری سلێمانی)، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥وە، لەسەر داوای خۆی بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی/ نووسینگەی تایبەت، ژمارە (١٧٢) لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢١داو، پشتبەست بەبڕگەی (٣) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و، مادەی حەوتەم و مادەی سی و سێ/ بڕگەی (چوارەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونییەوە جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٢٥) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٦)دا.

**هاوپێچەکان:**

١. نووسراوی داواکاریی بەخشینی پارێزگاری سلێمانی ژمارە (١٧٢) لە ٢٠١٦/٨/٢١دا.
٢. بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هاوپێچی سەرەکیی ڕێککەوتننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان سەبارەت بە حکومەتی خۆجێیی پارێزگای سلێمانی.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ١١ :ژمارە

Data: ٢٠١٦/٨/٢٥ :ڕۆژ

www.keodd.org
KEODD
كوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموكراسی

## بڕیاری ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و نۆیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٣) ئەندام، بڕیاریدابە:

یەکەم: هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین محەمەد)، بە (پارێزگاری سلێمانی)، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥وە، پاڵپشت مادەی شەشەم، بڕگەی سێیەم/ یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، پشتبەست بەبڕگەی (٣) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

دووەم: بەخشینی بەڕێز (د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین محەمەد) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥وە.

سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٢٥) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٦)دا.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: زمارە: ١٢

Data: رۆژ: ٢٠١٦/٨/٢٥

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و نۆیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٢) ئەندام، بڕیاریدایە:

یەکەم: هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (ئازاد محەمەد ئەمین)، ئەندامی ئەنجومەن، بە (سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥وە، پشتبەست بەبڕگەی (٢) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و، مادەی شەشەم، بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٢٥) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٦)دا.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی — مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٣ — No:

ڕۆژ: ٢٠١٦/٨/٢٥ — Data:

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و نۆیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٢) ئەندام، بڕیاریدابە:

یەکەم: بەخشینی بەڕێز (ئەکرەم شەریف محەمەد)، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە پۆستەکەی، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥وە، پشتبەست بەبڕگەی (٢) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

دووەم: بەڕێز (ئەکرەم شەریف محەمەد) وەک ئەندامی ئەنجومەن، لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت.

سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٢٥) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٦)دا.

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ١٤

Data: رۆژ: ٢٠١٦/٨/٢٥

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و نۆیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٤) ئەندام، بڕیاریدابە:

یەکەم: هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (ئەنوەر تاهیر محەمەد)، ئەندامی ئەنجومەن، بە (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٢٥وە، پشتبەست بەبڕگەی (٢) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و، مادەی شەشەم، بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٢٥) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٦)دا.

ئازاد محەمەد ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

بڕیاری ژمارە (15) ی ساڵی 2016

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبونەوەی سیهەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە ڕۆژی 2016/10/18 بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتی و (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام و پاڵپشت بە برگەی (5) لە مادەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بڕیاریدا بە .

1- هەمواركردنەوەی خاڵی (13) لە مادەی (31) ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن و گۆڕینی ناوی لیژنەی هونەری (پلان و پڕۆژەکان و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار ) بۆ لیژنەی( پلان و پڕۆژەکان و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار ).

2- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت .

3- لە سلێمانی نوسرا لە ڕۆژی 2016/10/18 .

ئازاد محمد امین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Sleman… Council

ژمارە / 16

بەروار / 18 / 10 / 2016

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (16) ی ساڵی 2016

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبونەوەی سیهەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە ڕۆژی 2016/10/18 بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتی و (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام و پاڵپشت بە بڕگەی (14) لە مادەی (6)ی یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان و بڕگەی (5) لە مادەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بڕیاریدا بە .

1- ئاڵوگۆڕکردن لە لیژنەی کاروباری یاسایی و دانانی بەڕێز ( رسول عبدالله ابراهیم ) بە جێگری لیژنەی کاروباری یاسایی

2- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت .

3- لە سلێمانی نوسرا لە ڕۆژی 2016/10/18

ئازاد محمد امین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی – شەکرەکە

aparezgas@yahoo.com

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە/ 17

بەروار: 18 / 10 / 2016

www.keodd.org

بڕیاری ژمارە (17) ی ساڵی 2016

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبونەوەی سیهەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە ڕۆژی 2016/10/18 بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتی و (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام و پاڵپشت بە بڕگەی (14) لە مادەی (6)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بڕگەی (5) لە مادەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بڕیاریدا بە .

1- دواخستنی ئاڵوگۆڕکردن لە لیژنەی کارگێڕی و دارایی و ئابوری .

2- لە سلێمانی نوسرا لە ڕۆژی 2016/10/18

ئازاد محمد امین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی – شەکرەکە

aparezgas@yahoo.com

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Sleman... Council

ژمارە / 18

بەروار / 18 / 10 / 2016

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (18) ی ساڵی 2016

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبونەوەی سیهەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن لە ڕۆژی 2016/10/18 بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبونی دەستەی سەرۆکایەتی و (26) ئەندام لە کۆی (32) ئەندام و پاڵپشت بە برگەی (5) لە مادەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بڕیاریدا بە .

1- هەموارکردنەوەی خاڵی (12) لە مادەی (31) ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن و گۆڕینی ناوی لیژنەی ناوخۆ( ئاسایش ،پۆلیس، بەرگری شارستانی ) بۆ لیژنەی( ناوخۆ و ئاسایش )

2- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت .

3- لە سلێمانی نوسرا لە ڕۆژی 2016/10/18

ئازاد محمد امین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی – شەکرەکە

aparezgas@yahoo.com